بارزانی: هێرشی کۆرمۆر بێ سزا نابێت، کارەباش لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا دەگەڕێتەوە

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەدوای ئامادەکارییە تەکنیکییەکان، لەگەڵ کۆمپانیای دانا گاز گەیشتینە رێککەوتن بۆ دوبارە دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان و گەڕاندنەوەی کارەبا لە چەند کاتژمێری داهاتودا. دەشڵێت، "دڵنیام داوەتە هەمو هەوڵێک دەدەین بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشە تیرۆریستییەکان و لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراقیش باسمان لەوەکردوە کە دەبێت ئەنجامدەرانی ئەم هێرشە دەبێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت".

مەسرور بارزانی، ئەمشەو لە [illegible] لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ لەدوای ئامادەکارییە تەکنیکییەکان، لەگەڵ کۆمپانیای دانا گاز گەیشتینە رێککەوتن بۆ دوبارە دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان و گەڕاندنەوەی کارەبا لە چەند کاتژمێری داهاتودا. لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە قسەم کرد و سوپاسی بەڕێوەبەرایەتی و گشت کارمەندەکانم کرد بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی بەهێزیان.

ئاماژەی بەوەشکرد، "دڵنیام داوەتە کۆمپانیاکە کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، هەمو هەوڵێک دەدەین بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشە تیرۆریستییەکان و بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی هێرشەکە و لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانمان کار دەکەین لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی پاراستنی گەلەکەمان و

ژێرخانی ئابوری و وەبەرھێنانمان. ئەم ھێرشە نابێت بەبێ لێپرسینەوە تێپەڕێت و نابێت ھێرشەکان ببنە ڕوداوی ئاسایی".

مەسرور بارزانی باسی لەوەشکردوە، "لەگەڵ محەممەد شیاع سودانی باسمان لەوەکردوە کە دەبێت ئەنجامدەرانی ئەم ھێرشە ھەر لایەن و گروپێک بن و لە ھەر کوێ بن لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و ڕادەستی یاسا بکرێن. ئەوە تاکە ڕێگرییە و چاوەڕوانین ڕێوشوێنی جیددی و کردارەکی بگیرێتەبەر. چونکە عێراق ناتوانێت وەبەرھێنانی بیانی بۆ خۆی ڕابکێشێت لە کاتێکدا میلیشیا و گروپە چەکدارییە لە یاسا دەرچوەکان و مافیا گەندەڵەکان بە بێ ھیچ سزا و لێپێچینەوەیەک، ھێرش بکەنە سەر ژیرخانی ئابوری وڵات و دڵیان بە ئازاری خەڵکی کوردستان خۆش بکەن".

سەرۆکی حکومەتی ھەرێم وتیشی، دوپاتی دەکەینەوە کە ئەم ھێرشە ترسنۆکانە لە باشترکردنی ژیانی ھاوڵاتیان نامانوەستێنن. ئێمە بەردەوام دەبین لە کارکردن و درێژەدان بە کاروانی پێشکەوتن و ئاوەدانی و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم بەردەوام بن لە پشتگیریکردنی حکومەتەکەیان.